# راگەیەندراوی جیابوونەوە لە پارتی ئازادیی کوردستان و پێکهێنانی

# پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران – پاکی

**بە ناوی خوای گەورە و توانا و**

**بە یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**

**حزب و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران!**

لەپاش ئەوەی بۆ ئێمە وەک ژمارەیەک لە ئەندامانی پارتی ئازادیی کوردستان دەرکەوت کە بەشی گرینگ و دەسەڵاتبەدەستی سەرکردایەتی و کادرەکانی حزبەکەمان سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و حزبەکەمان بە سەرپەرەشتیی "مستەفا یەزدانپەنا" ،"موحەممەد یەزدانپەنا" و "حوسەین یەزدانپەنا" خەریکی بڵاوکردنەوەی مادەسڕکەرەکان و زەبروەشاندنە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان، جیابوونەوەی خۆمان لێی رادەگەیەنین. لە رابردوودا بە وردی لە لایەن هاوڕێ مورتزا جەعفەری(ئامانج کولیایی)ەوە هۆکارەکانی جیابوونەوەی ئێمە باس کراون.

زۆر پێویستە کە خەڵک و لایەنە جۆراوجۆرەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان و ئێران ئاگادار بن و قەناعەتی پێبێنن کە جیابوونەوەی ئێمە بە هۆی پارە و کورسیی دەسەڵاتەوە نییە! کێشەی ئێمە بە هۆی خەیانەت و گەندەڵی و جنایەت و تاونگەلێکەوەیە کە بێشک لەگەڵ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی بەڵگەنامەکانی، بەتەواوەتی ئاشکرا دەبن و سەرمان لە ئێستا بەرزتر دەبێتەوە و باشتر قەدری ئەم هەنگاوە ئەستەم بەڵام پێویست و کاریگەرەی ئێستامان بۆ هەموولایەک روون دەبێتەوە.

لە ڕێکەوتی ١ی گوڵانی ساڵی ١٣٧٠ ی هەتاوی واتە ڕێک ٢٠ ساڵ لەمەوبەر شەهید سەعید یەزدانپەنا پارتی ئازادیی کوردستانی دامەزراند(کە دیارە ئەو راستییە شێوێندراوە و ٣٠ ی گوڵان وەک ڕۆژی دامەزرانی حزبەکەمان ناسێندراوە.). شەهید سەعید سەرکردەیەکی شۆڕشگێری کەموێنە و راستەقینە بوو و لە ١ی گوڵانی ئەو ساڵەدا بە دامەزراندنی پارتی ئازادیی کوردستانی ئێستا و یەکێتی شۆڕشگێرانی پێشوو، سەرکردایەتیی یەکەم ڕێکخراوی شۆڕشگێری کوردستانی ئێرانی وەئەستۆ گرت کە توانی لە جیهانی مردووی دووجەمسەری و واژەگەلێکی وەک شەڕی چینایەتی و ئەنترناسیۆنالیزم و خەبات دژی ئیمپریالیزم و ... هتد ماڵئاوایی بکا و پێ بنێتە جیهانی نوێەوە. بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامی زۆر زوو توانی لە ڕێگای کۆنترۆڵی کەس و کارە نزیکەکانیەوە نفووز بکاتە نێو ریزەکانی پارتی ئازادیی کوردستان و کاک سەعید شەهید بکا. ئیتر لەو ڕۆژەوە (بێجگە لە خەباتی پێشمەرگە راستەقینەکانی)ئەم حزبە تەنیا ڕێکخراوێکی ڕوومادابۆشراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە لە باشووری کوردستان و خزمەتی بەو حکومەتە

کردووه و بەرژەوەندییەکانی وەدی هێناوە.
دەرکەوتنی ئەم ڕاستییە شکست و ئاشبەتاڵییەکە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەسکەوتێکە بۆ کورد کە بەبێ خەبات و تێکۆشان وەدی نەهاتووە.
ئێمە بە غەدری دەزانین ئەگەر بێتو مێژووی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە بیری بکا کە چلۆن لاوێکی کورد لەپێناو پێشگرتن لە سیاسەتە گڵاوەکانی کۆماری ئیسلامی و زیندووڕاگرتنی خەباتی حەقخوازانەی نەتەوەکەی، سینگی خۆی کردە سپەر و مەترسییەکانی تیرۆر و ڕفاندن و زیندانی کردن و ئەشکەنجەی تێپەڕاند و دواتریش ئامادە نەبوو بۆ پۆڵ و پارە و وەعدی جۆراوجۆر، خۆی و بیروباوەڕەکەی بە کۆماری ئیسلامی بفرۆشێ و لە بەرانبەردا هەستا و وەک زۆربەی ئەندامانی زەحمەتکێشی حزب، بە بەرهەمی زەحمەت و کاری شرافەتمەندانە، بە ڕێبەرایەتیی ژمارەیەک لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی، بناخەی خەباتێکی پاک و شۆڕشگێڕانەی بنیات نا و سمبول و نیشانەی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی (وەک سەحەر و ئیسلام ئۆنلاین و ... هتد) لە نێو ئارمی حزبەکەی فڕ دا و سمبولی کورد و کوردستانی وەجێ دانا.
بەحەق کولیایی دەرسی بوێری و ئیرادە و خۆڕاگری و پاکیی پێداین.
ئێمە خۆ بە خاوەنی شەهیدان و سەروەرییەکانی ۲۰ ساڵ خەباتی پێشمەرگە ڕەسەنەکانی پارتی ئازادی دەزانین. هاوکات بە داڕشتنی مانیفستێکی سیاسیی سەردەمیانە و بەخۆداچوونەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی ئامانج و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، دەنگێکی نوێ دێنینە نێو بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستانەوە.
ئێمە بەم زووانە بەرنامە و پرۆگرامی سیاسیی پارتی ئازادی بە وردی و بە ڕوونی دەستیشان دەکەین و ئەوەندەی لێرەدا پێویست بە ئاماژە بێ ئەوەیە کە، وەک لە ڕابردووشدا ڕامانگەیاندبوو یەک لە بنەما هەرەگرینگ و تایبەتمەندییەکانی هەنگاوە سیاسییەکانی ئێمە ئەوەیە کە "کوردستان" و "لوڕستان" بە دوو ناوی یەک وڵات دەزانین و بەو پێیە سیستەمی حیزبی و پرۆگرامە سیاسییەکانی خۆمان دادەڕێژین و پانتای خەباتەکەمان بۆ وەدیهاتنی "یەکێتی"، "ئازادی"، دێموکراسی" و "عەداڵەت" لە وڵاتدا دیاری دەکەین.
هەروەها بە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی وڵاتەکەمان و بە وردبوونەوە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ۲۰۰۳ەوە لە بەرانبەر لایەنە کوردییەکان، بە جێگای "بەرەی کوردستانی"، لە پێناو پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی پێکهاتوو لە: ئەنجوومەنێکی نیشتمانی، سوپای پێشمەرگە و ئۆرگانێک بۆ بەڕێوەبەریی و ڕێکخستنی ئازادیخوازانی سیاسی و سڤیلی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، تێدەکۆشین.
بێگومان ئێمە دژ بە پێکهاتنی بەرەی کوردستانی نین و لەگەڵ هەر چالاکی و حەرەکەتێکداین کە لەو پێناوەدا ئەنجام بدرێ، بەڵام لەسەر ئەو باوەڕەین کە جەستەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەمان بە شێوازێک پێکهاتووە کە گەیشتن بە بەرەی کوردستانی ئەستەمە و پێکهێنانی کۆنگرەیەک(کە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی، پلانی پێشنیاریی خۆمان هەیە) لەگەڵ دۆخی ئێستای بزووتنەوە گونجاوە و هاوکات کورد بە ئاوات و ئامانجە سیاسییەکانی نزیکتر دەکاتەوە.
ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە بێجگە لە کورد، ئازادیخوازانی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێرانیش دەبێ هەنگاوی لەمچەشنە بهاوێژن و "یەکگرتووانە" لەگەڵ ئێمە، لە پێکهاتەیەکی گشتگیردا، بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە هاوبەشەکانمان وەک لەناوبردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بنیات نانی ئێرانی فیدراڵ و دێموکراتیک، خەبات بکەن.
ئازادیخوازانی کورد، لەپاش ئەوەی توانییان لە چوارچێوەی کۆنگرەیەکدا، یەکێتی بە ڕیزەکانی خۆیان ببەخشن، دەکرێ

دەسپێشخەڕیش بن لە دامەزراندنی فیدراسیۆن یان هاوپەیمانییەکی سیاسی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران.
ئێمە باش دەزانین کە تاکوو ئێستا کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە لایەنە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە پرسگەلێکی وەکوو خۆ بە ئێرانی پێناسەکردن یان بەپێچەوانەوە خەریک بکا و لێکیان دووربخاتەوە. هاوکات هەر بەو هۆیەوە توانیویەتی ناکۆکی بخاتە نێو ریزەکانی شۆڕشگێڕانی کورد و فارس و ئازەری و عەرەب و بەلووچ و تورکەمەنی ئێران. هەر بۆیە رادەگەیەنین کە خاڵی هاوبەشی ئێمە و سەرجەم نەتەوەکانی نێو ئێران بۆ یەکگرتن و سەرخستنی شۆڕشی دێموکراتیک لەم وڵاتە و رووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ئێرانی بوونە و نەک هەر خۆ بە ئێرانی دەزانین بەڵکوو هەوڵ دەدەین ئاگری خەباتەکەمان لە تاران وەک پایتەختی ئێران هەڵبگیرسێنین.
پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران بەگشتی بۆ کورد داوای "مافی دیاری کردنی چارەنووس" دەکا بەڵام، بەو هۆیەوە کە زۆربەی لایەنەکانی نێو بزووتنەوە رێک کەوتوون لەسەر هەوڵدان بۆ ئێرانێکی فێدڕاڵ و بۆخۆشمان بە رێگاچارەسەرێکی گونجاوی دەزانین بۆ کێشەی نەتەوەکانی نێو ئێران، بەشێک لە هەوڵەکانمان هەر لەو پێناوەدا دەبێ.
هەروەها، ئێمە دامەزراندنی رێکخراوێکی فەراحزبی و نەتەوەیی بە مەبەستی نزیکبوونەوەی لایەنەکان و پاراستنی بایەخە مەعنەوی و پرێنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت بۆ زیندووڕاگرتنی ناو و یادی شەهیدان و کۆکردنەوە و تۆمارکردنی ناوەکانیان لە ئارشیڤێکی نەتەوەییدا بە پێویست دەزانین.
ئێمە دەستی دۆستایەتی بۆ لای هەموو لایەنە رەسەن و ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێران رادەکێشین. هاوکات قەناعەتمان وایە کە لە کوردستانی ئازاددا ئازادیی سیاسی بە باشی بوونی هەیە و حکوومەت و لایەنە کوردییەکانی ئەم پارچەیەی کوردستان بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتی کوردستان وەک حزب و رێکخراوە سیاسییەکانی تر هەڵویستمان لەبەرانبەردا دەگرن و ئاسانکاریی یاسایی پێویست بۆ خەباتی سیاسیی پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران (پاکی) دەکەن و ئێمەش بەپێی یاساکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان درێژە بە چالاکیی خۆمان دەدەین.
ئێمە هەموولایەتان ئاگادار دەکەینەوە کە ئەم بەڕێزانەی ناویان لەم راگەیەندراوەدا هاتووە(تەنیا لە باشووری کوردستان و لە یەکەم هەنگاودا) لە پارتی ئازادیی کوردستان جیا دەبنەوە و لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە هاوڵاتیانمان، پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران(پاکی) بنیات دەنێن:

**مورتزا جەعفەری**

**موحەممەد عەبدوڵڵایی**

**حوسەین موحەممەدی**

**حوسەین ئەحمەدی**

**ئازاد قوبادی**

**شاهۆ موحەممەدی**

**موحەممەد محمدی**

**موحەممەد پیری**

**سیروان ئیبراهیمی**

**یۆسف موحەممەدی**

شاهۆ کەریمی

هێمن پاڵانی

حوسەین قادری

عەدنان ڕەسووڵی

مەسعوود ئەحمەدی

جاندار حەیدەری

سەلام موحەممەدی

سیروان ئاقایی

حەکیم ڕەحمانی

ستار عەبدوڵلایی

ستار ئیبراهیمی

گۆران قادری

ئەبووبەکر گۆدەرزی

قانع نووری

ڕێبوار ئەمینی

موحەممەد کەریمی

ئاران ڕۆژهەڵاتی

عەزیز قوبادی

بەرزان موحەممەدی

ئەحمەد پاڵانی

سەید حوسەین هەورامی

وریا هەورامی

دڵشاد پاڵانی

نزام قوبادی

حەمزە بابایی

مهدی کەرمی

ڕەشید عەبدۆڵلاهی

شاخەوان موحەممەدی

حەسەن عەبدوڵلایی

هەروەها تاکوو ئێستا توانیومانە لەپاش پەسند کردنی ناوی پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران، بەپێی دۆخی خۆمان سەرکردایەتییەک بەم شێوازەی خوارەوە بۆ خۆمان ڕێک بخەین و لە دەرفەتی گونجاودا سەرجەم ئەندامانی

ڕێبەرایەتی و ئۆرگانە حزبییەکانمان دەناسێنین:

بەڕێز مورتزا جەعفەری (ئامانج کولیایی) : سکرتێری پاکی

بەڕێز محەممەد عەبدوڵلایی: جێگری سکرتێر

بەڕێز حوسەین موحەممەدی: بەرپرسی پێوەندییەکان

بەڕێز حوسەین ئەحمەدی بەرپرسی بەشی ماڵی

بەڕێز ئازاد قوبادی: بەرپرسی کۆمیتەی لاوان

بەڕێز شاهۆ موحەممەدی: بەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخستن

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان!

پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران(پاکی)

١ی گوڵانی ١٣٩٠ هەتاوی

٢١ ی ئاوریلی ٢٠١١ زایینی

---

**تێبینی: ئاگادارین کە بنەماڵەی یەزدانپەنا یان فەیزوڵلابەگی کەسانێکیان داناوە بە ناوی ئەندام و بەرپرسی ئێمەوە خۆ بە خەڵک دەناسێنن و هەڵوێست دەگرن. هەروەها لەسەر ماڵپەڕەکانی ئەنترنیشدا بەوشێوازە چالاکن و لەم کاتەدا ئەگەری حاک کردنی مایلەکانیشمان لە ئارادایە. بۆیە ڕادەگەیەنین کە هیچ جۆرە دۆستایەتیەکمان لەگەڵ هیچ کام لە یەزدانپەناکاندا نەماوە و تا تەواوکردنی کاری دانانی ماڵپەڕ و ئیمایل و فەیسبووکی دوور لە نفووزی ئەوانیش، تەنیا پێوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ سکرتێر، جێگرەکەی و بەرپرسی پێوەندییەکانمان ئیعتباری هەیە.**

**تاکوو دەستنیشانکردنی هەموو کاناڵەکانی پێوەندی لەگەڵ پاکی، دەتوانن لە ڕێگای ئەم ژمارە تەلەفۆنانەوە پێوەندیمان پێوە بکەن:**

**هاوڕێ ئامانج کولیایی ٠٧٧٠٤٦٠٢٨٩٩**

**هاوڕێ محەممەد عەبدوڵلایی ٠٧٧٠٣٦١٧١١٢**

**هاوڕێ حوسەین موحەممەدی ٠٧٧٠٣٥١٠٥٩٧**